# ڕاگەیاندنی ژمارە 29

## بە ڕفاندن و زیندان و شکنجەو گوللە بارانکردن ..... ناڕەزایەتی خەڵك و دەنگی ئازاد یخوازی کپ ناکرێت !

شەوی 21/22-3-2006 و کاتژمێر 10، بەشدار عەلی کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لە سەنتەرێکی ئەنتەرنێت لە شاری هەولێر، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە بە زۆر ڕا پێچی ناو ئۆتۆمبیلێکی جۆری "مونیکا" دەکرێت، پاشان بەرەو شوێنکی نادیار دەبرێت و دوای ئەوەی چاوی دەبەستنەوە تا بەرەبەیانی ئەم شەوە لە ژێر شکنجەی جەستەیی و دەرونیدا ڕایدەگرن و پاشان لە نزیك ماڵی خۆیان فرێیدەدەن.

تاوانی بەشدار عەلی تەنها ئەوەیە، کە یەکێکە لە یەکێکە لە خوێندکارانی ناڕازی زانکۆ، یەکێکە لە خۆشەویستی خوێنکاران و لاوان، بەرگریکەرە لە خواستی لاوان و بزوتنەوەکەیان، و تێکۆشەرێکی رزگاری و یەکسانی ژنانە، وە تائێستا لەسەر دۆزی خوێندکاران و لاوان و ژنان چەندین ووتاری نوسیوەو کۆرو سمیناری سازداوە، وە بەئاشکرا ستەم و بێمافی لاوان و خوێندکاران و ژنانی خستۆتە ئەستۆی دەسەڵات و یاسا پرتوکاوو ژەنگهەڵگرتوەکان، بەگژی دیاردەی دزی و تاڵانیدا وەستاوەتەوە.

هۆکاری هەڕەشە لێکردن و پاشان ئاگادارکردنەوەی بە وازهێنان لەقسەکردن لەسەر دەسەڵات و ووتنی ڕاستیەکان، بەدوای ئەمانەشدا ڕفاندن و شکنجەدانی جەستەیی و دەرونی بێگومان کاری هێزەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و گروپە مافیایە نهێنییەکانی ئەوانە، وە ئەوانیش بەرپرسن لەو کردەوە نامرۆیی و نایاساییە، وەبەرپرسن لە هەر کردەوەیەکی تر لەدژی بەشدار عەلی لە داهاتوودا.

ئێمە لەکاتێکدا بەتوندی ئیدانەی ئەم ڕەفتارە مافیایانە دەکەین وپارتی بە بەرپرس دەزانین لە سەلامەتی و ئاسایشی بەشدار عەلی ، هاوکات ئەوە بەبیر پارتی و دەسەلاتی کوردی دەهێنینەوە کە زیندان و شکنجە، ڕفاندن و گوللەباران کردن،نەك ناتوانێت بەربگرێت بە ناڕەزایەتی ڕەوای خەڵکی و توێژە بێبەشەکانی کوردستان، بەڵکە ئەم ڕەفتارانە و ئەم شێوازە لە ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ دەنگی ئازادو ناڕەزایەتی خەڵکیدا دەبێتە مایەی ڕق ئەستورکردن و بەرین کردنەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان، بۆیە هەرچی زووە باشترە ڕیز لە ئازادی ڕادەربرین و ئازادی سیاسی بگرن و مل بەخواستەکانی خەڵکی ناڕازی بدەن.

**کەمپەینی ئازادی بۆ د.کەمال سەید قادر**

**کۆمیتەی سەرپەرشتیار**

**2006-3-23**